ئەمڕۆ دهۆک و هەولێر لە دوا یاریی گرووپی یەکەمدا

وا بڕیارە ئەمڕۆ هەینی لە یاریگەی دهۆک، یانەی هەولێری پاڵەوانی گرووپی یەکەم ببێتە میوانی یانەی دهۆک خاوەنی پلەی دووەمی گرووپەکە. یاریەکە گرنگییەکی نییە لەسەر گۆڕانی لیستی گرووپەکە، بەڵام لە رووی میۆزوویی‌یەوە گرنگی خۆی هەیە، بەوەی هەردوو یانە ماوەیەکی زۆرە لە ململانێدان و هەردوو یانە چەندین ئەستێرەیان تێدایە. لە رووی میۆژوویی‌یەوە هەردوو یانە 20 جار رووبەڕووی یەکدی بوونەتەوە. دهۆک 8 جار بردۆتیەوە و هەولێریش 6 جار و هەردووکیشیان 6 جار یەکسان بووە. دوا یارییان لە یاریی چوونی خولی ئەم وەرزە بوو، کە لە هەولێر بەڕێوە چوو، تێیدا دهۆک بە دوو گۆڵ بەرانبەر یەک لە هەولێری بردەوە. گۆڵەکانیش لە لایەن جاسم محەمەد حاجی و سەفوان عەبدولغەنی تۆمار کران. گۆڵی هەولێریش لە لایەن ئەحمەد سەلاح تۆمار کرا.

جێی باسە دهۆک و ئەمانە بۆ دەستنیشانکردنی پلەی سێیەمی خولی نایاب لە 15 ی مانگی داهاتوو رووبەرووی یەکدی دەبنەوە و هەولێر و نەجەفیش بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی عێراق لە 16 ی مانگی داهاتوو لە یاریگەی شەعب لە بەغدا بەیەک دەگەن.

سبەی خولێکی راهێنەران لە هەولێر ساز دەکرێت

وا بڕیارە سبەی شەممە لە هەولێری پایتەخت، خولێکی بەهێزکردن بۆ راهێنەرانی تۆپی پێ لەسەر ئاستی عێراق ساز بکرێت. لە خولەکەدا مامۆستایان لە بەڕازیل و ئوردن وانەکان دەڵێنەوە. بە پێی هەواڵێکی سایتی ئەسوات عێراق هاتووە، یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) سەرپەرشتیی ئەو خولە دەکات و 31 راهێنەری خولی نایابی عێراق بەشداریی تێدا دەکەن و 8 ڕۆژیش دەخایەنێ. 27 راهێنەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و 4 راهێنەریش لە هەرێم بەشداریی دەکەن.

قارەمانیا هەریما کوردستانێ یا تەنسا ئەردی بو خانمان دەستپێکر

ئیحسان حەسەن- دهۆک/ ل دویف بەرنامێ ئیکەتیا هەریما کوردستانێ یا تەنسێ ب پشکداریا سێ یانێن وەرزشی ئەوژی دهۆک وپیرس و ئاکرێ ل یاریگەهێن دهۆک بێن تێنسا ئەردێ دەست ب هەڤرکێێن قارەمانیا هەریما کوردستانی لسەر ئاستێ خانمان هاتە کرن.دیاریکرنا قۆکرنا قارەمانییداریکەرا یانەیا پیرس شانا عیماد ب سەرکەفت لسەر یاریکەرا یانەیا ئاکرێ زانین جەمیل ب دووکوما بەرامبەر کومەکێ، یاریکەرا یانەیا ئاکرێ فاتما جیهاد ب سەرکەفت لسەر یاریکەرا یانەیا پیرس میدیا ئاڤدەل ب دووکوما بێ بەرامبەر. ئەڤ قارەمانییە ب سەرپەرشتیا ئیکەتیا ناوەندی یا تەنسا ئەردی ل هەریما کوردستانی ب هەڤکاری دگەل ئیکەتیا تەنسێ ل پارێزگەها دهۆک دێ هێتە بریڤەبرن، یاریێن وێ ل دویف سیستەمی کەفتنا دوو جارکی دهێنە کرن.

بنزیمە چووە ڕیال مەدرید

کەریم بنزیمە یاریزانی یانەی لیۆنی فەڕەنسی و هەڵبژاردەی فەڕەنسا لە بەرانبەر بڕە پارەی 35 ملیۆن یورۆ گرێبەستێکی لەگەڵ یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی مۆرکرد. دەربارەی ئەمە یانەی لیۆن بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە، تێیدا هات: هەردوو یانەی لیۆن و ڕیال مەدرید گەیشتنە ڕێککەوتنێک ئەویش بە گواستنەوەی کەریم بنزیمە لە بەرانبەر 35 ملیۆن یورۆ بۆ ڕیزی ڕیال مەدرید. لە کۆتایی بەیاننامەکەشدا هاتووە، لیۆن هیواخوازە کەریم بنزیمە لە ڕیزی یانە نوێیەکەی سەرکەوتوو بێت. جێی باسە بنزیمە لە شاری لیۆن لە دایک بووە و لە ساڵی 2004 ەوە لەو یانەیە یاری دەکات و 17 گۆڵیشی تۆمار کردووە لە خولی فەرەنسا و 5 گۆڵیشی لە پاڵەوانێتیی یانەکانی ئەوروپا تۆمار کردووە.

مان یونایتد و میلان بەدوای فابیانۆ-وەن

هەردوو یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و ئەی سی میلانی ئیتاڵی لە پێشبڕکێدان بۆ پەیوەندیکردن بە لویس فابیانۆ ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەڕازیل و گۆڵکاری پاڵەوانێتیی کیشوەرەکان، بۆ ئەوەی لە یانەی ئیشبیلیەوە بچێتە ریزی یەکێک لەو دوو یانەیە. شەیتانە سوورەکان بۆ جێگرتنەوەی کارلۆس تیڤێز زۆر پێویستییان بە فابیانۆ هەیە، دوای ئەوەی نەیانتوانی داڤید ڤیا و سێرجیۆ ئەگوێرۆ بکڕن لەبەر گرانیی داواکانی یانەکانیان. جێی باسە ماوەیەک لەمەوبەر یانەی ئەی سی میلان هەوڵی دا فابیانۆ بهێنێتە ریزی یانەکە، لەوکاتەوە لە داواکەی بەردەوامە.

بنزیمە چووە ڕیال مەدرید

کەریم بنزیمە یاریزانی یانەی لیۆنی فەڕەنسی و هەڵبژاردەی فەڕەنسا لە بەرانبەر بڕە پارەی 35 ملیۆن یورۆ گرێبەستێکی لەگەڵ یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی مۆرکرد. دەربارەی ئەمە یانەی لیۆن بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە، تێیدا هات: هەردوو یانەی لیۆن و ڕیال مەدرید گەیشتنە ڕێککەوتنێک ئەویش بە گواستنەوەی کەریم بنزیمە لە بەرانبەر 35 ملیۆن یورۆ بۆ ڕیزی ڕیال مەدرید. لە کۆتایی بەیاننامەکەشدا هاتووە، لیۆن هیواخوازە کەریم بنزیمە لە ڕیزی یانە نوێیەکەی سەرکەوتوو بێت. جێی باسە بنزیمە لە شاری لیۆن لە دایک بووە و لە ساڵی 2004 ەوە لەو یانەیە یاری دەکات و 17 گۆڵیشی تۆمار کردووە لە خولی فەرەنسا و 5 گۆڵیشی لە پاڵەوانێتیی یانەکانی ئەوروپا تۆمار کردووە.

ڕیال چاوی بڕیوەتە سیلڤا و ئەلۆنسۆ و ئەربیلوا

یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بەردەوامە لە هێنانی یاریزانە بەناوبانگەکانی تۆپی پێی جیهانی. ئێستا یانەکە بەدوای هەردوو یاریزانی لیڤەرپوولی ئینگلیزی چابی ئەلۆنسۆ و ئەلفارۆ ئەربیلوا و داڤید سیلڤای هێرشبەری ڤالانسیایە. ڕۆژنامەی مارکا-ی ئیسپانی بڵاوی کردەوە، ڕیال زۆر نزیک بۆتەوە لە هێنانی ئەلۆنسۆ و ئەربیلوا. بۆ هەر یەکێکیشیان بڕە پارەی 20 ملیۆن یورۆی دابین کردووە. جێی باسە یانەی ڤالانسیا پێش ماوەیەک داڤید ئیلڤای بۆ فرۆشتن داناوە.

پلاتینی ڕەخنە لە هەنگاوەکانی ڕیال مەدرید دەگرێت

میشێل پلاتینی سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی ئەوروپا ڕەخنەی لە شێوازی کڕینی یاریزانان لەلایەن یانەی ڕیال مەدریدەوە گرت و بە ناسروشتیی لە قەڵەم دا. لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی ویکیب-ی فەڕەنسی، پلاتینی ڕوونی کردەوە، تێناگەم چۆن یانەیەک بڕە پارەی 90 ملیۆن یورۆ بۆ کڕینی یاریزانێک تەرخان دەکات! لەبەرانبەردا پلاتینی سەرسامیی خۆی بە یانەی بەرشلۆنە ڕاگەیاند، کەوا بە بێ تەرخانکردنی بڕە پارەی خەیاڵی، لەوپەڕی ئاستبەرزیشدایە.

لە ماوەی هەفتەیەکدا چێڵسی پاتۆی دەوێ

وا پێدەچێ کارلۆ ئەنچیلۆتی وەرزی داهاتووی یانەکەی بە هێنانی پاتۆ دەست پێبکات، بۆیە هەوڵی یانەکە چڕتر بۆتەوە و دەیەوێ لە ماوەی یەک هەفتەدا گرێبەستی یاریزانی بەڕازیلی تەواو بکات. ڕاپۆرتە هەواڵەکان ڕایانگەیاندووە، یانەی ئەی سی میلان هێشتا ڕەزامەندیی خۆی بە ڕۆیشتنی یاریزانی ناوبراو دەرنەبڕیوە. لە دوا ڕاپۆرتدا بڵاو کراوەتەوە، یانەی چێڵسیی لەندەنی بڕە پارەی 45 ملیۆن یورۆی لە بەرانبەر گواستنەوەی پاتۆ دابین کردووە، بەڵام میلان ئەو بڕە پارەی ڕەت کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەش گالیانی جێگری سەرۆکی میلان لەچەندین بۆنەدا ڕایگەیاندووە، پاتۆ بۆ فرۆشتن نییە.

لە پاڵەوانێتیی ڕۆما بۆ ڕاکردنی 100 مەتر... ململانێیەکی بەهێز

یەکێتیی گۆڕەپان و مەیدانی نێودەوڵەتی رای گەیاند، تایسۆن گای پاڵەوانی جیهان بۆ 3 جار و ئەسافا پاوڵ خاوەنی ژمارەی پێشووی جیهان لە ململانێیەکی بەهێزدان لە ڕاکردنی 100 مەتر کاتێ لە پاڵەوانێتیی ڕۆما ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە. پاڵەوانێتیی ڕۆمای زێرین بۆ گۆڕەپان و مەیدان لە 10 ی ئەم مانگەدا لە ئیتاڵیا بەڕێوە دەچێت و زۆربەی ناودارانی ئەو یاریە بەشداریی تێدا دەکەن.

هەڵبژاردنی یانە وەرزشییەکانی سلێمانی بۆ کاتێکی نادیار دواخرا

لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی یانە وەرزشییەکانی کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە بڕیاری دابە بە دواخستنی هەڵبژاردنی یانەکانی شاری سلێمانی بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

هۆکاری ئەم بڕیارەش، ئەوەیە کە بەشێکی زۆری یانەکانی سلێمانی تا ئێستا تۆماری ناوی دەستەی گشتیی خۆیانیان بۆ لیژنەی باڵای هەڵبژاردن نەناردووە، ئەمەش کەموکوڕییە و ناکرێت بەبێ لیستی ناوی دەستەی گشتی لەلای لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەوە، هەڵبژاردن بۆ یانەکان بکرێت. بڕیار بوو ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو، تا چوارشەممەی داهاتوو هەڵبژاردن بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک و دەستەی کارگێڕیی یانەکانی نێو شاری سلێمانی بکرێت، بەڵام دوای ئەم بڕیارەی لیژنەکە، بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

هەڵبژاردنی یانە وەرزشییەکانی کوردستان لەلایەن لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی یانەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کە لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی کوردستانەوە پێکهێنراوە.

لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی یانەکانی کوردستان

باسکت بولا دهوک سەرکەفتنێ لسەر جەیش تومارد‌کەت

دیاریکرنەکا گەرا هەشتێ دا ژخولا عیراقێ یا باسکت بولێ بو یانێن پلا نایاب، ل چار شەمبی یا بوێ ل هولا کولیژا پەروەردا وەرزشی، تیما یانا دهوک سەرکەفتنا خو یا حەفتی دخولا ڤی وەرزی دا تومارکر دەمی ب سەرکەفتی لسەر میڤانا خو یانا جەیش ب 81 خالا بەرامبەر 71 خالا، هەر چەندە دچارێکا ئیکێ دا هەر دوو تیم ب 16 خالا وەکهەڤ دەرکەفتن، بەلێ دهەردوو چارێکێن دووێ وسێ دا یانا دهوک ب هێزتر هاتە دناڤ یاریێ دا وشیان 25 خالا بەرامبەر 16خالا و 22خالا بەرامبەر 17 خالا بینێن وپێشکەڤن ب 63 خالا بەرامبەر 49 خالا ورولێ هەر سێ یاریکەرێن وێ قوتەیبە عەبدولا ورەحمان ئەحمەد و حکمەت عابد یێ دیار و بەرچاڤ بوو، دچارێکا چواریّ دایاریکەرێن بزاڤێن مەزن کرن ژبو کێمکرنا جوداهیا خالان، شیان پتری یاریکەرێن یانا دهوک خالان تومار بکەن، دەمێ 22خال بەرامبەر 18 خالا ئینایان، بەلێ هەر پێشکەفتنا هەر دوو چارێکێن بوری مانە دبەرژەوەندیا یانا دهوک ب جوداهیا دەه خالان ب 81 خالا بەرامبەر 71 خالا، ئەڤ یاریە ژلایێ دادڤانان عەلی سموم و سەفوان سەعید و ئەحمەد عەلی هاتنە بریڤەبرن، دئەنجامدا یانا دهوک خالێن 14 خالا ونوکە دگەل یانا کەرخ لسەرێ لیستا خولا عیراقێ دێێت.